# چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالآنی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو

## (وەڵامێك بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

عەلی مەحمود محەمەد– بەشی شەشەم



تاوانەکانی ژاپۆنییەکان لە چین

## چین و دواکەوتنی لە کاروانی پێشکەوتن

چین بە درێژایی مێژووی کۆن یەکێك بووە لە هێزە هەرە کاریگەرەکانی جیهان و لە شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی , سەرچاوەی پیشەسازی و زانست و داهێنان بووە بۆ مرۆڤایەتی , وولآتی داهێنەری و بەرهەم هێنەری حەریری گرانبەها بووە لە جیهاندا , کە ڕۆژگارێك گرنگترین کالآبووە لە سەر گۆی ئەم زەوییە , پۆشینی تەنها بەقسمەت و نسیبی پیاو ماقولآن و پاشا و بازرگانەکان بووە . لوغزی ئەم وولآتەی ئەو دیوو شوارای مەزنەوە بۆ مرۆڤایەتی مەتەلێکی هەلنەهێنراو بوو تا ئەم دواییە , ئیسلامەکان ئەوەندە لێیان ترساون , دەرچوونی ئەوانییان لەو شورایە به یەکێك لە نیشانەکانی ئاخر زەمان زانیووە .

هەموومان لە منداڵییەوە بەو فەرموودەیەیەی محەمەد به دوای زانستا لە چینیش بوو بگەڕێن ئاشنا بووین , چینمان بە زانستەکەیەوە ناسیووە .

بەڵام نهێنی ئەم لە كاروان دواكەوتنەی لە پێشكەوتن و شارستانییەت لە سێ سەدەی ڕابردووی دەبێت چی بێت ؟؟ , ڕۆژئاواو قەڵەم بەدەستانی هۆكاری ئەم لە كاروان بەجێمانەی چین لەو هۆو هۆكارانە لادەدەن كە پەیوەندی بە دەست درێژی و سیاسەتی داگیركاری و تاڵان و برۆو وێرانكاری خۆیانەوە هەیە , هەمووی دەبەنەوە سەر هۆكارە ناو خۆییەكان , بەمەش ئۆباڵەكەی دەخەنە ئەستۆی چینییەكان . با بزانین كاك بەختار چۆن لوغزی ئەم لەكاروان دواكەوتنەی چین هەڵە سەنگێنێت و لێی دەكۆڵێتەوە , وەك بێلایەنێك هەڵوێست دەرەبڕێت یاخود باوەشێنی بیری ڕۆژئاوایەكان دەكات و بێ تاوان دەریانەكات لە هاوكێشەكە , كاك بەختار دەنووسێت :—

(ئەو سەردەمانەی چین, خاوەنی شارستانیەتی دێرینەی پێشكەوتوو بووە, زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دواكەوتوو, یان لەسەر ڕێگریو چەتەیی دەریاوانی ژیاوون. هەتا ساڵی (**1600**)ی زایینیش, چین لەپێشەوەی شارستنیەتی جیهانیدا بووە.)

دیاری كردنی ساڵ بۆ تەقڵە مێژووییە ئابوری , سیاسی , كۆمەڵایەتییە گەورەكان لە جیهاندا هەموو كات ڕاست نایاتەوە , بە تایبەت ئەو گۆڕانكارییە گەورانەی لە سەردەمە كۆنەكان دوور لە تێكشكانە سەربازییەكان ڕوییان داوە . هەرچەندە لەم سەردەمەدا زۆر شۆڕش و جەنگ و ڕوداوو دیاردە هەن تەقڵەی گەورەی سیاسی , ئابوری, كۆمەڵایەتییان لەگەڵ خۆیان هێناوە , شۆڕشی ئۆكتۆبەر , تێكشكانی هیتلەر , پەیماننامەی ماڵتا , شۆڕشی چین , هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر , ڕوخانی دیواری بەرلین , شەڕی كەنداوی یەكەم , **11** سێپتەمبەر, ئەمانە هەموو تەقڵەی سیاسی گەورەن لەم دوو سەدەیەدا ڕوییان داوە , لە ئاكامییاندا پارسەنگی هێزی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو نەخشەی سیاسی , ئابوری , سەربازی جیهانی لەگەڵ خۆیدا گۆڕیووە .

كاك بەختیار لەم پەرەگرافەی نووسینەكەیدا , هۆكاری ئەو تەقڵە گەورەیەمان پێ ناڵێت , كە لە ساڵی **1600** دا بێ زیاد و كەم بەسەر چیندا هاتووە , وای كرد چین لە كاروانی شارستانییەت دوا بكەوێت . ئەگەر تا ساڵی **1600** لە پێشەوەی هەموو جیهاندا بووبێت , ماڤ خۆمانە بپرسین ئەی ساڵی **1601** چی بەسەرهات ؟؟؟ . بۆچی دەبێت لە ساڵی كۆتایی سەدەدا ئەو پێشڕەوییە لە دەست بدات ؟؟؟ , كێ شوێنی گرتەوە ؟؟ . پێشمان ناڵێت لەو سەری سەدەیەدا چی بەسەر ئەو وولاتە بەسزمانە هاتووە؟؟ , چ هۆكارێك لە كاروانی شارستانییەت دوای خست ؟؟ . ئەمە هەمووی پرسیارە ئێمەی خوێنەر ماڤ خۆمانە لە كاك بەختیاری بكەین تا لە نووسینەكانی داهاتوویدا كەڵكیان لێوەربگرێت و لە بەرچاویان بگرێت .

پێگەینی ڕوداوە مێژوویەكان بە تایبەت گۆڕانی پارسەنگی شارستانییەتەكان و گۆڕانی فۆرماسیۆنە كۆمەڵایەتییەكان , لەگەڵ جوجەڵە سازیدا بە تەواوی جیان , **28** ڕۆژی خۆی تەواو بكات(ئەگەر هەڵە نەبم) هێلكە جوجەڵە بەرهەم بهێنێت , لێرەدا ئەگەر كاك بەختیار چەندایەتی و چلۆنایەتی سەردەمی ماركسی بوونی خۆی لەیاد بێت ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕن لەم هاوكێشەیەدا , گۆڕانە چەندایەتییەكان پاش كەڵەكەبوون و پێ گەین دەبن بە چلۆنایەتی , هەرچەندە چاوەڕوانی گۆڕان بۆ چەندایەتی حەوسەڵەی زۆری دەوێت , هەر ئەمەش ورەی زۆر لە كۆنە ماركسییەكانی ڕوخاند , تەقڵەی ئایدۆلۆژی پێیان لێدا .

بەڕێزی چۆن دەتوانێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت , چینییەكان تا ساڵی **1600**ی ڕێك بێ زیاد و كەم لە پێشەوەی شارستانییەتی جیهانیدا بوونە ؟؟, سەرچاوەكانی چین ؟؟؟ , ئەمە ئەوە دەگەیەنێت تا كۆتایی دیسەمبەری ساڵی **1599**ش هەر بە یەكەمی ماونەتەوە , لە ساڵی **1600**ز یدا لە پڕ دەكەونە دواوە , ئەم ساتمە گەورەیە چی بوو ملی ئەو وولاتە زەبلاحەی ورد كرد و لە كاروان دوای خست ؟؟؟. ئەمە مێژووی شارستانییەتە یان مێژوی ئۆلۆمپی ؟؟, ئەمانە یارچی شارستانییەتن , یان پاڵەوانی ماراسۆن لە پڕ پێیان وەرەگەڕێت و دوا بكەون , لە یاری بە دۆڕاوی دەرەكرێنە دەرێ ؟؟؟ . نازانین لە كام كاتی ئەو ساڵەدا ئەم پاشە كشەیە ڕوی داوە بووەتە هۆی ئەو پاشە كشەیەی چین لە كاروانی شارستانییەتی جیهانی ؟؟, هۆكارەكەی هەر زاوزێی ئەو ساڵە بوو؟؟ یان جوجەڵەكانی پێشوو پێگەیین؟؟ , خۆ ئەو ساڵە لە جیاتی كولە مرۆڤ نە باری ؟؟, چینییەكان لەو ساڵەدا

نەبوونە كەروێشك بە لێشاوو منالیان بەرهەم هێنابێت ؟؟. كاتێك سەرۆكی ئۆلۆمپی كوردستان دەست لە ئابوری وەرە دات , بە مەبدەئی بەربونەوەو دەست و قاچ و مل شكان شت بنووسێت , ئەنجامەكەی هەر وای لیَ دێت .

بەكارهێنانی سەری سەدەكان لە نووسینەوەی مێژوودا , تەنها لە مێژووی سەرهەڵدانی پێغەمبەران و فریاد ڕەس و پیاوچاكان لە ئاینەكاندا بەدی دەكرێت , نەك لە نووسینەوەی مێژووی ڕیالستی مرۆڤەكانی سەر زەوی و گۆڕانكارییە ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان و لاسەنگ بوون لە پارسەنگی هێزە جیهانییەكان ؟؟؟ .

با پێكەوە چاوێك بە جێگەی چین لە ئابوری و پێشكەوتنی جیهاندا بخشێنین , بزانیین نەخشیان چی بووە لە سەدەكانی ڕابردوودا . چین بە درێژایی **50** سەدە , گرنگترین وڵاتی ڕۆژهەڵات بوو لە مێژوودا(**الصين–دراسة في الجيوبولتك–د.صبح محمود محمد–ص8**). چینییەكان بۆ ماوەی **2000** ساڵ تاكە هێزی باڵادەست بوون لە هەموو ڕۆژهەڵات (**ثقافة جديدة عدد 247–ص47–ليكسينك–ترجمة حسين محمد حسن–الديموقراطية و حقوق الانسان بين غرب والصين**). دیارە تاكە هێزی باڵا دەست و هێزی كاریگەر جیاوازی لە نێوانییان هەیە , ئەمەریكا دوو سەدەیە هێزێكی كاریگەرە لە جیهاندا, بەڵام دوو دەیەیە تاكە هێزی باڵا دەستە.

مێژوو ئەوە دیاری دەكات تا چاخەكانی ناوەڕاست زانست و هونەری پیشەسازی لە چین لە پێشەوەی ئەوروپادا بووە(**الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد-ص 8** ).

لە نێوان ساڵانی **1405** بۆ **1431** ز كەشتییە چینییەكان دەستییان گرت بەسەر دەریاكانی باشوردا , هەموو ئەو ناوچانەی گرتییان , كەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری چینەوە(**الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد- ل 9**).

چین لە ماوەی **700** ساڵ بە دوای زایندا ئابورییەكی بەهێزی هەبوو , بەرهەمی خۆراكی زیاد لە پێداویستی هاوڵاتییانی بەرهەم دەهێنا , پیشەسازی حەریر و بلوری ئەو باڵادەست بوو بەسەر بازرگانی جیهاندا . مێژوو نوسان باوەڕییان وایە چین لە ساڵی **1730** دا گەورەترین بەرهەم هێنەری كاڵا بووە لە جیهاندا , ئێستاش **12**٪ پیشەسازی گۆڕینی جیهان بەرهەم دەهێنێت (**بيان–22–2–2005**).

تا سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بنەماڵەی مینگ لە ساڵی **1368** ز سەركردایەتی جیهانی كرد لە داهێنانە زانستییەكان ( كاغەزی چاپ–بارود – فەخفوری–موغناتیس ...), بەڵام لە **14** سەدەی بە دواوە ڕۆڵی لاواز بوو و پاشە كشە دەستی پیَ كرد ( چین پەخینە –ئەنتەرنێت) .

بازرگانی دەرەوەی چین لەساڵی **206** پ ز دەستی پێكردووە , لەگەڵ دەرەوەی خۆیان مامەڵەیان كردووە. پێش **1300** ساڵ چینییەكان چاپیان زانییوە , واتە پێش ئەوروپییەكان بە **8** سەدە , دراوی كاغەزییان پێی چاپ كردووە (**صين–ماضيها و حاضرها–فراك اوين – قبلة ثورة طبعة كتاب**).

ئەوە نییە تەنها كاك بەختیار سەری سەدەكان بكاتە ساڵی وەچەرخانی مێژوویی , ئەم بەڕێزەشمان كە نووسەرێكی دیكەی كوردە هەمان میتۆد بەكار دەهێنێت لەگەڵ سەری سەدەكان , بەڵام ئەو هۆكاری دواكەوتنەكەی چین لە ملّ داگیركەران ناكاتەوە , زاوزێش ناكاتە تاكە هۆی ئەم لە كاروان بەجێمانە (( تا ساڵی **1400** چین پێشكەوتوترین وڵات بووە , پاش هێرشی داگیر كەران سستی بەخۆوە بینی (كوردستان نێت –وهاب شاە محەمەد –چین لە كۆمۆنیزمەوە بۆ هێزێكی جیهانی) ).

له سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بنەماڵەی شانگ , واتە سەردەمی شارستانی برۆنزی (1040- 1750 پ. ز) چین لە پێشەوەی تەواوی جیهاندا بوو .

لە بواری بەرهەم هێنانی کشت و کاڵیشدا چینییەکان پێشکەوتوو بوون , لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە قەناتەکانی ئاودێری لە چیندا لێدراوە . گەورەترین وڵاتی بەرهەم هێنەری کشت و کاڵە لە جیهاندا , لە بەرهەمی برنج , لۆکە, توتن, بەراز یەکەمە لە ئاستی جیهاندا و لەبەرهەم هێنانی گەنمیش لە پێشەوەیە .

**لە ساڵی 1750دا چین نزیك سێ یەکی بەرهەمی پیشەسازی جیهانی بەرهەم دەهێنا 32,8٪ , لە ساڵی 1800 ئەو ڕێژەیە بووە 33,3٪ , لە ساڵی 1830 ڕێژەکە بووە 29,8٪ , لە ساڵی 1860 بووە 19,7٪, لە ساڵی 1880 بووە 12,5 ٪, لە ساڵی1900 بووە 6,2٪ , لە 1913 بووە 3,6٪, لە ساڵی 1928 بووە 3,4٪, لە ساڵی 1938 بووە 3,1٪, لە ساڵی1953 بووە 2,3٪, 1963 بەرز بووەوە بۆ 3,5٪, 1973 لە 3,5٪ مایەوە لەساڵی 1980 بەرزبووەوە بۆ 5,2٪ (صدام حضارات-ترجمة طاعت الشايب-صامويل هنتجون-ص143).** ئەم ئامارەی سەرەوە یەکێك لە قەڵەم بەدەستانی ناسراوی ئەمەریکی نووسیوییەتی , ناوو کارەکەی و پەیوەندییەکانی و ئامانج لەنووسینی ئەم پەرتوك ەبۆ زۆرمان ڕوونە. لەم ئامارەوە بۆمان دەرەکەوێت تا ساڵی 1800 ز بەشی چین لە بەرهەمی پیشەسازی جیهانی لە بەرز بوونەوەدا بووە , ساڵی 1800 لوتکەی ئەو بەرز بونەوەیەیە , دوایی ئەو ساڵە کێرڤەکەی ڕوو لە دابەزینە بۆ نشێوی دواکەوتن . ئەوەی دەبیینین بەرهەمی پیشەسازی ووڵات لەسەر دەستی دەرەبەگایەتی و داگیرکاری و سەرمایەداری نیشتمانی بەدەسەڵات گەیوو لە وێرانەیی بەردەوامدا بوو , بە وێرانەییش درایە دەست کۆمۆنیستەکان , کاتێك ئەوان وەرییان گرت , چین تەنها 2,5٪ پیشەسازی جیهانی بەرهەم دەهێنا , لە کاتێکدا ئەو کات زیاتر لە 25٪ ی حەشاماتی جیهانییان پێك دەهێنا , واتە جیاوازییان لەگەڵ ڕێژەی ناوەندی جیهاندا 1 بە 10 بوو . ئێستا چینییەکان نزیك 20٪ جیهان دیاری دەکەن , بەڵام زیاتر لە 12٪ پیشەسازی گۆڕانی جیهان بەرهەم دەهێنن .

لە ساڵی 1750دا بەشی وڵاتانی پەرەستێنی ئێستا دوو لەسەر سێی بەرهەمی پیشەسازی جیهانی بووە , بەڵام هەموو ئەورووپا 23و2٪ی پیشەسازی جیهانییان بەرهەم هێناوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە بەرز بوەوە لە ساڵی 1900 گەیشتە 23,6٪ , لە کاتێکدا لە ساڵی 1750 بەشی 0,1٪ زیاتر نەبووە **(مسيرة الاقتصاد العالمي في قرن العشرين-د. منير الحمش –الاهالي-ص28).**

ئەوە نییە تەنها چین لەو ئاستەی پێشکەوتن بوبێت لە بەرهەم هێنانی پیشەسازی جیهانی , بەڵکە هندیش لە ساڵی 1750دا ڕێژەی 25٪ پیشەسازی جیهانی بەرهەم هێناوە( ململانێیشارستانییەکان ) .

هەرچی ڕۆژئاوایە بەهەر هەموویانەوە گوێرەی هەمان پەرتووکی ململانێی شارستانییەکان ,بەشییان لە بەرهەمی پیشەسازی جیهانی بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :-

| ساڵ | ڕێژە |
|---|---|
| 1755 | 18,2٪ |
| 1800 | 23,3 ٪ |
| 1830 | 31,1٪ |
| 1860 | 53,7٪ |
| 1880 | 68,8٪ |
| 1900 | 77,4٪ |

| | |
|---|---|
| 1913 | ٪81,6 |
| 1928 | ٪84,6 |
| 1938 | 78,65 |
| 1953 | ٪74,6 |
| 1963 | ٪65,4 |
| 1963 | 61,25 |
| 1980 | ٪57,8 |

بەم شێوەیە دەبینین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە گۆڕانکاری بە قازانجی ڕۆژئاوا لە بەرهەمی پیشەسازی جیهانی دەستی پێکرد , هۆکاری ئەمەش ئەو شۆڕشی پیشەسازییە بوو لە ڕۆژئاوا سەرکەوتنی بەدەست هێنا , بووە هۆکاری باشتر کردن و زیادکردنی بەرهەم .سامۆیل هنتگۆن پیشەسازیکرنی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و ئەنجام دانی شۆڕشی پیشەسازی بە هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە لە پارسەنگی هێزەکان دەزانێت لە جیهاندا . لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم وڵاتانی دەوڵەمەند , ئەو وڵاتانە بوون کە کەرەسەی خاوویان هەبوو , نموونەی ئەو وڵاتانە ئەرجەنتین و شیلییە (**مستقبل الرأسمالية-لستر لوثر-ترجة عزيز سباهي-ص82**).

بەرهەمی نەتەوەیی لە پێش شۆڕشی پیشەسازی , پەیوەستە بە کاربردی ناوخۆ لە خۆراك و پێداویستییە گرنگەکانی هاوڵاتییان و بەرهەمی کاری دەستی و ڕادەیەکی کەمیش بازرگانی دەرەوە , بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان قەبارەی بەرهەمی نەتەوەیی دەچێتە سەر .

داگیرکەرانی کۆن سەرباری کردنی وڵاتە داگیرکراوەکان بە بازاڕی خۆیان , بایی ئەوەندەیان بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە ناهێشتەوە پێی بژێن , دیارە ئەو وڵاتە داگیرکەرانە هەموویان مامەڵەیان وەك یەك نەبوو بەرامبەر وڵاتە ژێر دەستەکان , جاری وا هەبوو یەك وڵاتی داگیر کەر لە دوو وڵاتی داگیرکراو مامەڵەی جیای دەکرد , ئەو وڵاتەی ئەزموونی زۆر هەبوایە لە بواری کۆلۆنیاڵی بایی ئەوەی بۆ خەڵکەکە دەهێشتەوە درێژە بە ژییان بدات , وبۆشاییەکی سیاسی واشی پێی دەدا هەناسەیەك ئارام هەڵکێشێت , تا ئارامی سیاسی وڵات بپارێزرێت بۆ درێژە دان بە هەلومەرجەکە , بۆ نموونە مامەڵەی یابان لەگەڵ ئینگلیز لە وڵاتە کۆلیانیکراوەکان جیابوو , جاری واش بووە وڵاتێکی داگیرکەر نیازی مانەوەی درێژ خایەنی نەبووە لە وڵاتێکدا تاڵانی کردووە , لە وڵاتێکی کە نەخشەی دوری هەبووە بۆ شوێن قایم کرنی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کاری خزمەتگوزاری ئەنجام داوە . هیندستان کە ئینگلیزەکان داگیرییان کرد هێڵی شەمەندەفەرییان بۆی هێنا , بەڵام داگیر کەرانی چین ئەمەیان لەگەڵی نەکرد , سەرباری هەمو کاولکاریەك تاڵانیشیان کرد (**مستقبل الرأسمالية-لستر لوثر-ترجمة عزيز سباهي**–ص**65**).

یابانییەکان لە کاتی گرتنی پایتەختی چیندا , هەرچی برنجی ناو عەمبارەکان بوو تاڵانییان کرد , هەروەها سەربازانی یابانی و ئینگلیز و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەمەریکی پایتەختییان هەموو تاڵان کرد , ئەڵمانییەکان هەرچی گەنجینەی ناو مۆزەخانەکان بوو دزییان , پاشان لەساڵی **1918** دا بە پاڵەپەستۆی جیهانی هێنایانەوە (حيات–محمد جابر الانساری–**1**–**8**–**2004**).

لە مێژووی کۆندا , چین تەنها لە نێوان ساڵەکانی **1279** بۆ **1368**ز لە لایەن مەغۆلەکانەوە داگیر کراوە . دواجار هاوکێشەکە بە پێچەوانە کەوتەوە , لە ساڵی **1691** بۆ **1911** مەنغۆلیا لە لایەن چینییەکانەوە داگیر دەکرێت (سایدی سیای ئەمەریکی).

با بزانیین لە ڕوانگەی کاك مەلا بەختیارەوە چۆن چین ئەم باڵا دەستییە شارستانی و ئابورییەی لە جیهاندا هەیبوو لە دەستە دات , هۆکارەکانی ئەم پاشەکشەیە بەلای بەڕێزییەوە کامانەن ؟؟؟ , دەنوسێت–

**(ئەو شارستانیەتە گەورەیەو ئەو بەرهەمو داهێنانە زۆروزەبەندە, وەکو لێکۆڵەران لێکیانداوەتەوە, بەهۆی دیاردەی زگوزاو مناڵبونێکی زۆرەوە, پاشەکشەیکردووە. ساڵی (1400) دانیشتوانی چین (150) ملیۆن بوون . ساڵی (1850) گەیشتونەتە (440) ملیۆن . ئەمەش یەك لەسەرسێی دانیشتوانی ئەوسەردەمەی جیهان بووە. ئەمە لەکاتێکدا چین هێشتا کۆمەڵێکی کشتوکاڵی دەرەبەگایەتی بووە. ئەم خێراییەی رێژەوەنی (زۆرمناڵبوون) بۆتەهۆی دابەزینی زێدەبایی بەرهەمو کەمبوونی کاتی کارکردن بۆ دەستڕەنگینی, سەرەنجام وزەی داهێنانیش سەدەونیوێك کزبووە. ئەمەش وایکردوە, رەوتی شارستانیو ژیانی ئاسوودەیی کۆمەلایەتی پاشەکشەبکاو کێشمەکێشی ژیانو شەڕوشۆڕی ناوخۆ سەرهەڵبدا. ئاکام ئیمبراتۆریەتی چین لەگەڵ وڵاتانی بریتانیا, روسیا, فەرەنسا, ئەڵمانیاو ژاپۆن ناچاری سازش بوون. ئیتر لەمەبەدوا ناکۆکیو ململانێی نوێ لەنێوان چینو بێگانەو لەناو خودی چینیەکانیشدا, هەتا هاتووە, قوڵبۆتەوەو تەقیوەتەوە).**

من نایەم ژمارە لە بەرامبەر ژمارە , ئامار لە بەرامبەر ئامار و ساڵ بەرامبەر ساڵ بەراورد بکەم , بکەومە ناو شەڕە ژمارەوە , چونکە ئەگەر بەم حاڵە لەگەڵ ئەم نووسینەی بەڕێزیبا بڕۆین باسەکە ناگاتە کۆتایی , ئەبێتە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی وا خوێنەر وەڕەس بکات . بەڵکە ئەو ژمارەو ئامار و ساڵانەی دەستم پێیان گەیشتووە دەخەمە بەردەست خوێنەران و ئەوان سەرپشك بن لە هەڵبژاردنی ئامارەکان و تەسکیە کردنی لایەك.

توێژەرەوە چینییەکان کە لە هەموو کەس زیاتر شارەزای مێژوو نەخۆشییەکانی خۆیانن **(أهل مكة أدرى بشعابها)** , ئەم پاشە کشەیەی وولاتەکەیان دەبەنەوە سەر هۆکاری هێرشی داگیر کەران و گەندەڵی ناوخۆیی دەسەلاتداران : (چینییەکان تا سەدەی شانزەهەم لە پێشەوەی پێشکەوتنی ئابوری جیهانیدا بوون . بەلام بەهۆی گەندەڵی حوکمی دەرەبەگایەتی و هێرشی ولاتە سەرمایەدارەکان بۆ سەر چین , چین لە کاروانی پێشکەوتن دواکەوت (شینخوا –12–5–2004). لێرەوە بە گوێرەی ئەم پەرەگرافە کە لە خودی دەوڵەتی چینەوە دەرچوونە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی چین هەر لە سەدەی چواردەهەمەوە لە پاشەکشەدا بووە تا سەدەی **16** , بەلام پێشڕەوی نەدۆڕاندووە , هەرچەندە لەو ئامارانەی کە پێشتر باسمان کرد چین تا ساڵی **1800** لەبەرهەم هێنانی پیشەسازی لە پێشەوەی جیهاندا بووە , لەو ساڵە بە دواوە کێرڤەکەی ڕوو لە نشێو بەرەو دابەزین و پاشەکشە بووە تا ساڵی **1953** , نموونەی زیندووی وامان هەیە , وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم **51٪** ئابوری جیهانی بەرهەم دەهێنا , ئێستا ڕێژەکەی دابەزیووە بۆ **27٪** , کەچی هێشتا لە پێشەوەیەو , وولاتێکی ڕەقیبی دیاریکراویش نییە لە ژمارەا نزیك بێت ململانێی بکات بۆ جێگاکەی , ئەگەری ئەوە هەیە لە دەیەی چواری ئەم سەدەیە چین بگات پێی , ئەوەش ئەگەر چین بەم گوڕ و تینەی ئێستاو بێ دەردو بەلای هەژانی ئابوری و نەخۆشی کارەساتی سروشتی بێت . بۆیە ئەو قەیرانەی لە سەدەی **14** وەوە دەست پێ دەکات , لە **16** کۆتایی پێدێت , شوێن خۆی دەدات بە هێزێکی دیکە .

هەندێکی کە لە توێژەرەوان لە دەست دانی پێشەنگی چین دەبەنەوە بۆ هۆکاری ( گەندەڵی , باج نەدان لە لایەن دەوڵەمەندانەوە ) . بەشێکی کە هەڵوێستی دژایەتی دەوڵەت بۆ زانست و زانیاری بە یەکێك لەو هۆکارانە دەزانن کە چینی لە پێشەنگی خستووە , نموونە لە ساڵی **1620** ز زیاتر لە **700** زانا هەڵواسران . هەروەها هێرشی دڕندانەی مەنغۆلییەکانیش ئەوەی لەبەردەمییان بوایە بەتەڕو ووشکەوە لە ناوییان دەدا , ئافاتێکی دیکە بوو بۆیان باری ,

مەنغۆلییەکان لە ساڵی **1550** پەکینییان داگیر کرد , دواتریش  تورکیا و ڕوسیا و یابان هێرشیان کردە سەر چین , ئەمانە هەموو نەخۆشی بوون بەرۆکی چینییان گرت  .

بەشێکی کە هۆی دواکەوتنەکە دەبەنەوە سەر سێکوچکەی نەخۆشی و دیاردەی سروشتی و داگیرکاری ( لافاو , تاعون ,برسێتی , داگیرکردن لە ساڵی **1644** بونە هۆی دواکەوتنی چین )**(جولة في الصين- کارل اسکلوند-ترجمة عمر الاسکندري-دار الفکر العربي-قاهرة-ص7)** . لە لایەکی کەوە بەهۆی باوەڕ بوون بە (اکتفاو ژاتی) لە لایەن چینییەکانەوە , لە نێوان ساڵەکانی

**1644–1912**بازرگانی لەگەڵ دەرەوە سست بوو ,  کە بازرگانیش سست بێت , هاندان بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر لە بارە چێت , چونکە بازاڕ نابێت بۆ ساغ کردنەوەی بەروبوومە بەرهەم هاتووەکان . لەم نموونانەی سەرەوە کە هێنامانەوە ,ئەوەمان بۆ دەرەکەوێت , سەدەی **17** سەدەی پڕ نەهامەتی و قۆناغی پوکانەوەی زیاتری هێزی چینییەکانە .

 بە شۆڕشی ناوخۆیی و هێرشی بێگانە , سەدەی نۆزدەهەمی چین دەستی پێکرد . شۆڕش و هەڵگەڕانەوە ناوخۆییەکان کارەساتێکی کە بوون بەرەو ڕوی بوونەوە . **20–30** ملیۆن چینی لە جەنگی ناوخۆیی بونە قۆچی قوربانی , بەهەڵگەڕانەوەی تایبنگ  لە ساڵی **1864**, **15** پارێزگا ڕوخا.  بەم شێوەیە لە کوێوە دەچینە ناو چینەوە کێشەیەو بەرۆکی بە وولات گرتووە لە سەدەی پانزە بەم لاوە  .

 بنەماڵەی مینج لە سەرەتاوە دەسەڵاتداریەتییەکی ناوەندی تۆکمەیان دامەزراند , پاشان لە جەماوەر دابڕان , نەیان توانی سەربەخۆیی و هێزی وولات بپارێزن , ئاکامەکەی بووە هۆی دواکەوتنی چین و بڵاوبونەوەی فەوزای سیاسی و جیابونەوەی ناوچەکان لە حکومەتی ناوەندی و پارچە پارچە بونی (**الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد-ص9)** .

قات و قڕی و برسێتی لایەنێکی کەی کێشەکانی چین و هۆکاری دواکەوتنی ئەم وولاتەیە ,  لە نێوان ساڵی **1628–1642** باکوری وولاتی گرتەوە . چەتەیی و ڕێگری و یاخی بوونەوەش کارەساتێکی کەیە لەپاڵ هەموو کێشەکانی کە دەستی نایە بناقاقای ئەم وولاتە , لی توز جنگیش سەرۆکی چەتەکان پەکینی گرت , پاشان ئیمپراتۆر خۆی خنکاند و کۆتایی بە سەردەمی بنەماڵەی لی هات .

لە نێوان ساڵانی **1839** بۆ **1899** چین پێی نایە ناو جیهانی نوێوە , جیهانی ڕوتاندنەوەی ئەمپریالی , قەیرانە ئابوری و هەڵچونە کۆمەڵایەتییەکان , ڕاپەڕین و شۆڕشە ناوخۆییەکان , داگیرکردن و بە کۆلۆنیالکردنی وولات و دابڕانی بەش لە جەستەی نیشتمان .

لە شەڕی ئەفیونەوە لە ساڵی **1839** , لە چین  **35** شۆڕش و  جەنگی ناوخۆیی  هەڵگیرسا , یان هێرشی دەرەکی لە لایەن وڵاتانەوە کرایە سەری  . لە شەڕی ئەفیونی یەکەمدا پەیمانامەی سەرشۆڕانەیان بەسەردا داسەپاند و هۆنگ کۆنگییان لێی دابڕی . ساڵی **1850** ڕۆژئاواو یابان بە تەواوی خستیانە پەراوێزەوە (**ثقافة جديدة عدد 247-ص47-ليکسينك-ترجمة حسين محمد حسن-الديموقراطية و حقوق الانسان بين غرب والصين).**

پاش شەڕی ئەفیون , داسەپاندنی پەیماننامەی سەرشۆڕانە بەسەریدا , چین بووە وڵاتێکی نیمچە کۆلۆنیاڵی, وڵاتە ئەمپریالییەکان دەستییان بەسەر بەندەرەکانیدا گرت , ئەمەش بووە هۆی لە دەستدانی کۆنترۆڵی بازرگانی دەرەوە لە لایەن چینییەکانەوە .

وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دەستی بەسەر بازرگانی چینداگرت ( **الصین-دراسة في الجیوبولتك-د.صبح محمود محمد-ص45** ). لە نێوان ساڵەکانی

**1839** بۆ **1842** لە سەروبەندی شەڕی ئەفیونی یەکەم , **1856** بۆ **1860** شەڕی ئەفیونی دووەم , چین کۆمەڵێك پەیماننامەی سەر شۆڕانەی بەسەردا داسەپا , ساڵی **1844** هۆنگ کۆنگ لە لایەن بەریتانیاوە گیرا . ساڵی **1885** بۆ **1894** سەردەمی جەنگی چین – فەرەنسا و ساڵی مۆرکردنی پەیمانامە نا هاوتاکانە لەگەڵ فەرەنساو یابان , چین ڕازی بوو بە دەسەلآتی فەرەنسا بەسەر ڤێتناما , هەروەها دەسەلآتی پورتغالی بەسەر ماکاودا قەبوڵ کرد , پاشەکشەی کرد لە بەرامبەر داگیرکردنی کۆریا لە لایەن یابانییەکانەوە . لە ساڵی **1894** بۆ ساڵی**1895** وازی لە تایوان هێنا بۆ یابانییەکان , هەروەها لە نێوان ساڵانی **1895** بۆ **1900** ولآتەکانی ئەمەریکا و یابان و فەرەنساو روسیا و ... ئابلوقەی چینییان دا و بەشییان لێ داپچڕی , کۆی گشتی ئەو ناوچانەی چین لە دەستی دا لە ئەنجامی هێرشی وولآتانی داگیر کەر بۆ سەری لەم خشتەیەی خوارەوە دەخەینە بەردەستتان .

| مێژوو | ڕوپێو ناوچە | داگیرکەران |
| --- | --- | --- |
| 1689 | 2400000ناوچەی باکور شاخەکانی کینجان | ڕوسیا |
| 1727 | 100000نزماییەکانی دۆڵی سیلینجا | ڕوسیا |
| 1843 | 83هۆنگ کۆنگ | بەریتانیا |
| 1858 | 480000باکوری هایلنجکیانج | ڕوسیا |
| 1858 | 8کاولون | بەریتانیا |
| 1860 | 344000 | ناوچەکانی ڕشۆژهەلآتی ڕوباری ئاسودی ڕوسیا |
| 1864 | 900000باکوری دەریاچەی بلخش | ڕوسیا |
| 1882 | 21000نزماییەکانی دۆڵی ئیلی | ڕوسیا |
| 1879 | 2386دورگەی لیوشۆ | یابان |
| 1883 | 20000دۆڵی ئارتیش | ڕوسیا |
| 1884 | 9000بەرزاییەکانی دۆڵی کۆکسۆل | ڕوسیا |
| 1885–1889 | 738000ناوچەی ئەندام و هەموو هیندس چینی | فرنسا |
| 1886 | 574000 هیند چینیە | فرنسا |
| 1890 | 7550بۆرما | بەریتانیا |
| 1894 | 122400سیکیم | بەریتانیا |
| 1894 | 100000ڕۆژئاوای بەرزاییەکانی یانغسی | بەریتانیا |
| 1895 | 91300سیکیم | بەریتانیا |
| 1895 | 220334بۆرمای سەرو–شاخەکانی سافیج | بەریتانیا |
| 1895 | 35845کۆریا | یابان |
| 1895 | 127تایوان | یابان |
| 1897 | 760سکاد وریس | یابان |

1897 دەوروبەری بۆرما                                   بەریتانیا

کۆی گشتی چین**4009093** کم خاکی لەدەست دا لە کۆی ئەو داگیرکارییانە (**الصين-دراسة في الجيوبولتك-د.صبح محمود محمد-ص15).**

چینییەکان لە ساڵەکانی **1810-1811-1842-1849** چەندین جار تووشی برسیەتی و قات و قری بوون و **45** ملیۆنییان

لەبرسان گیانی لە دەست داوە ( **السكان -ديموغرافيا و جوغرافيا- تاليف د.محمد السيد غلاب-د.محمد صبحي- 1969 مكتبة انجلو مصرية –ص 630 ).**

**لة سالي 1877 دا برسيیةتي 3 ناوضةي ضيني سةرتاثا ثاككردةوة , كؤي طشتي 9,5 مليؤن مرؤظي كوشت , لة سالي 1888 بة لافاو 2 مليؤني كة خنكان . بةلآم لة سةدةي 18 بةهؤي لَيخؤشبووني دةولَةت لة باج لةسةر تاكي ضيني ذمارةي دانيشتواني ضين بةرادةي بةرز زياديكرد (السكان -ديموغرافيا و جوغرافيا- تاليف د.محمد السيد غلاب-د.محمد صبحي-1969 مكتبة انجلو مصرية –ص 631).**

ئێستا دەتوانین بڵێین شۆڕشی ناوخۆیی و دژاتەیەتی کردنی زانست لە سەدەی هەشتەم و گەندەڵی شۆڕشی ناو خۆیی و سیاسەتی ئابوری ئیکتفا زاتی و قات و قڕی و نەخۆشی و برسییەتی و چەتەیی , لە هەمووشییان زیاتر هەڵوێستی تەماحکارانەی وولآتە کۆڵیانلستەکان و هێرشییان بۆ سەر چین و دابڕان و داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە خاکەکەی کە تا ئێستاش زۆری نەگڕاوەتەوە بۆی , هۆکاری پاشەکشەی چین بوون لە کاروانی شارستانییەتی جیهانی .

هەرچی ژمارەی دانیشتوانی چینە , با لە ئامارەکانەوە چاوێکی خێرای پێدا بخشێنین , خوێنەر بۆ خۆی لە بەراوردی هەردوو ئامارەکەدا سەرپشک بێت :-

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن | سەردەم |
| --- | --- | --- |
| **2میلادی** | **59,600,000** | هان |
| **755م** | **52,900,000** | تانج |
| **1102** | **43,800,000** | سونج |
| **1578م** | **60,700,000** | منج |
| **1740م** | **140,000,000** | تشينج |
| **1812م** | **362,000,000** | تشينج |
| **1946م** | **448,668,506** | کۆماری نیشتمانی |
| **1959م** | **590,194,715** | کۆمۆنیستەکان |

(**السكان -ديموغرافيا و جوغرافيا- تاليف د.محمد السيد غلاب-د.محمد صبحي-1969 مكتبة انجلو مصرية –ص 628).**

کاك بەختیار ژمارەی چین لە ساڵی **1400** بە **150** ملیۆن و ساڵی **1850** بە **440** ملیۆنی دیاریکردووە , لەم ئامارانەش دیسانەوە سەدەو ناوەندی سەدەی هەڵبژێردراوە بۆ ئامارکردن , ژمارەی هاوڵاتیانیش تاکە یەك کەسری ملیۆنیشی لەگەڵدا نییە . کاك بەختیار ئامارێکی بۆ دانیشتوانی چین هێناوەتەوە, لە هیچ سەرژمێرییەك باوەڕ ناکەم بوونی هەبێت , هەشبێت ئەم پەرتوکانی من کردوومن بە سەرچاوە دوورە لە ڕاستییەوە . ئامانجەکەشی ئەوەیە ڕوی وولآتە کۆلۆنیاڵستەکان سپی بکاتەوە , بڵێت و بیسەڵمێنێت کە هۆی دواکەوتنی چین زاوزێیە نەك کاروکردەوەی دژ بە مرۆڤانەی ئێوە .

هەرچی دانیشتوانی جیهانە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ویلکۆکس , لە ساڵی **1850** ی ز گەیشتە **1091** ملیۆن و بە گوێرەی ڕاپۆرتی کلسۆندەرز **1171** ملیۆن بووە.

چین لە کاتێك لە پێشەوەی وڵاتانی جیهاندا بوو بۆ بەرهەمی نەتەوەیی , لەو سەردەمەدا کشت و کاڵ و پیشەگەری بنچینەی ئابوری هەموو وڵاتانییان دیاری دەکرد. لەو قۆناغەدا , هێزی کاری تاك و کاربوردی ناوخۆیی , ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا لە زیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی ووڵات, نەك ئامێر . چینیەکانیش لە کاری پیشەگەری و کشت و کاڵدا دەست ڕەنگین و لێهاتوو داهێنەر بوون بە ئێستاشییانەوە .

ئەنجام دانی شۆڕشی پیشەسازی لە ڕۆژئاوا ئەم پارسەنگەی لە جیهاندا بە تەواوی گۆڕی , هێزی جیهانی بەلای ڕۆژئاوادا سەنگین کرد . لە شۆڕشی پیشەسازیدا توخمی نوێ لە داهێنان ڕۆڵ دەگێڕێ لە دیاریکرنی ڕادەی بەرهەمی نەتەوەیی لە هەر ووڵاتێك , پیشەسازی و خزمەتگوزاری دوو کەرتی گرنگی ئابوری هەر ووڵاتێکن , لەگەڵ گەشە و بەرەو پێشچوونی سەرمایەدارییدا , ڕۆڵییان لە ئابوریدا زیاد دەکات . **ئێستا کشت و کاڵ تەنها 4٪ بەرهەمی نەتەوەیی جیهان دیاری دەکات , بەلاّم پیشەسازی 32٪ وە خزمەت گوزاری 64٪ . بە تێپەڕ بونی کات ڕێژەی بەشداری کشت و کاڵ لە کۆی ئابوری ووڵاتان ڕوو لە دابەزینە** . لە ووڵاتە پێشکەوتووەکان بەشداری کەرتی کشت و کاڵ گەلێك کەمترە لەو ڕێژەیە .

ئەگەر چینییەکان کەڵکی سەربازییان لە دۆزینەوەی بارود وەرگرتایە و خولییای داگیرکاری لە مێشك و بیرییان دا بوایە , باوەڕییان بە ئیکتفا زاتی نەبوایە , درێژەیان بە داهێنانە پیشەسازییەکانییان بدایە, ئەوکات زاوزێ و زۆری ژمارەی دانیشتووان بە پۆینتی بەهێز بۆیان دەژمێردا . مەگەر ڕۆژئاوا و سەرمایەداری لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازییەوە بەرەو ڕووی کێشەی کەمی کرێکار بوونەوە , بۆ پڕکردنەوەی بازاڕی کار **150** ملیۆن کۆیلەیان لە ئەفریقا کڕی .

زۆری ژمارەی دانیشتووان ناتوانێت ئەو هۆکارە سەرەکییە بێت بۆ پاشەکشەی چینییەکان , چۆن بەڵگەکان و ڕێگا چارەسەرییەکان قەشە ماڵتۆسی ئینگلیز لە ساڵی **1798** بۆ برسییەتی بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەوە لەسەر کوتان بە دیوارا زیاتر نییە , چونکە ئۆقیانووسەکان شایەدی ئەو خۆراکەن فرێ دەدرێتە ناوییە تا بەر بە دابەزینی نرخ بگرترێت , بۆیە دەڵێم کاك بەختیار لە ماتماتیکدا قوتابیەکی سەرکەوتوو نییە با خۆی لە حەلکردنی هاوکێشەو هێنانەوەی ئامار لە داهاتوودا بپارێزێت .

جدول الأسر الملكية التاريخية الصينية

| | | |
|---|---|---|
| شيا | | 2070 – 1600 ق. م تقريبا |
| شانغ | | 1600 – 1046 ق. م تقريبا |
| تشو | تشو الغربية | 1046 – 771 ق. م |
| | تشو الشرقية | 770 –256 ق. م |
| | عصر الربيع والخريف | 770 – 476 ق. م |
| | الممالك المتحاربة | 475 – 221 ق. م |
| تشين | | 221 – 207ق. م |
| هان | هان الغربية | 206 ق. م – 25 م |
| | هان الشرقية | 25 – 220 م |
| الممالك الثلاث | وي | 220 – 265 م |

<table dir="rtl">
<tr><td colspan="2" rowspan="2"></td><td>شو – هان</td><td>221 – 263 م</td></tr>
<tr><td>وو</td><td>222 – 280 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">جين الغربية</td><td>265 – 316 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">جين الشرقية</td><td>317 – 420 م</td></tr>
<tr><td rowspan="9">الأسر الجنوبية والشمالية</td><td rowspan="4">الأسر الجنوبية</td><td>سونغ</td><td>420 – 479 م</td></tr>
<tr><td>تشي</td><td>479 – 502 م</td></tr>
<tr><td>ليانغ</td><td>502 – 557 م</td></tr>
<tr><td>تشن</td><td>557 – 589 م</td></tr>
<tr><td rowspan="5">الأسر الشمالية</td><td>وي الشمالية</td><td>386 – 534 م</td></tr>
<tr><td>وي الشرقية</td><td>534 – 550 م</td></tr>
<tr><td>تشي الشمالية</td><td>550 – 577 م</td></tr>
<tr><td>وي الغربية</td><td>535 – 556 م</td></tr>
<tr><td>تشو الشمالية</td><td>557 – 581 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">سوي</td><td>581 – 618 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">تانغ</td><td>618 – 907 م</td></tr>
<tr><td colspan="2" rowspan="5">الأسر الخمس</td><td>ليانغ الأخيرة</td><td>907 – 923 م</td></tr>
<tr><td>تانغ الأخيرة</td><td>923 – 936 م</td></tr>
<tr><td>جين الأخيرة</td><td>936 – 947 م</td></tr>
<tr><td>هان الأخيرة</td><td>947 – 950 م</td></tr>
<tr><td>تشو الأخيرة</td><td>951 – 960 م</td></tr>
<tr><td colspan="2" rowspan="2">سونغ</td><td>سونغ الشمالية</td><td>960 – 1127 م</td></tr>
<tr><td>سونغ الجنوبية</td><td>1127 – 1279 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">لياو</td><td>907 – 1125 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">جين</td><td>1115 – 1234 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">يوان</td><td>1206 – 1368 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">مينغ</td><td>1368 – 1644 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">تشينغ</td><td>1616 – 1911 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">جمهورية الصين</td><td>1912 – 1949 م</td></tr>
<tr><td colspan="3">جمهورية الصين الشعبية</td><td>تأسست في أول أكتوبر 1949</td></tr>
</table>